## لەیادی نۆزدەهەمین ساڵڕۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهیددا
## یاداشتێک بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان

2007/3/16 نۆزدە ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەلایەن بەعس و شانزە ساڵ بەسەر بەڕێوەبردنی ئیدارەی شارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە تێپەڕ دەبێت.
ئێمە پێمان وایە تا هەنووکە زامی قووڵی کەسوکاری شەهیدان و لاشیپانی رووخاوو شارستانییەتی داڕماوی ئەو شارە، وەک 1988/3/16 خوێنیان لێ دەچۆڕێت و برینەکانی سارێژ نەکراون. هەڵەبجە بووەتە نموونەیەکی زیندووی نەبوونی خزمەتگوزاری و دابینەکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان لە کوردستاندا. بەچاوی ئاسایی ئەوە ڕەچاو دەکرێت کە کەلاوە و قوڕ و لیتەی نێوبازاڕ و کۆڵان و خانووە ڕوخاوەکانی هەڵەبجە لەگەڵ گەورەیی کارەسات و زۆریی قوربانی و فراوانیی کاولکارییەکەی یەکناگرنەوە. بەڵگەی زیندووش تا ئێستا بەشێک لە بریندارەکانی کارەساتەکە چارەسەر نەکراون و سەرەیان بۆ مەرگ گرتووە. نەسڕینەوەی شوێنەواری کیمیایی لە جەستە و ناخی خەڵکەکەیدا، نیشانەی خەمساردیی دەسەڵات و بەهەندوەرنەگرتنی داخوازییەکانیانە کە مافی سەرەتایی خۆیانە. هەمووش خوازیاری ئەوەن داخوازییەکانیان بێنە دی کە چەندین ساڵە هەر بەڵێن و جێبەجێ نەکراون.
ئێمەی نوسەران و هونەرمەندانی شاری هەڵەبجە، کە بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری کوردستانەوە لە تاراوگەدا دەژین، خۆمان بە بەشێکی جیانەبووەوە لە خەڵکی شارەکە دەزانین و بە دۆخی سەختی ژیانی مرۆڤانەی دانیشتوان و نزمیی ئاستی خزمەتگوزاری هەڵەبجە ناڕەزایەتی دەردەبڕین. بۆ ئەم دەرئەنجامەش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت و دەسەڵاتداران بە بەرپرسی یەکەم دەزانین.

| زنجیرە | ناوەکان | بواری کارکردن | شوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | مەریوان هەڵەبجەیی | نوسەرو لێکۆڵیار | نەرویج |
| 2 | هیدایەت مەلا عەلی | نوسەر | دانیمارک |
| 3 | گۆران هەڵەبجەی | نوسەر و رۆژنامەنووس | دانیمارک |
| 4 | ئاراس شێخ جەمال | هونەرمەند | سوئید |
| 5 | پشکۆ نەجمەدین | نوسەر | سوئید |
| 6 | عەبدوڵا حەمەلاو | نوسەر و هونەرماند | سوئید |
| 7 | ئیسماعیل کەریم هەڵەبجەی | شاعیر | ئەڵمانیا |
| 8 | چنور سدیق | کەسایەتی ڕۆشنبیری | سوئید |
| 9 | فەرهەنگ محەمەد ئیسماعیل | هونەرمەند | ئەڵمانیا |
| 10 | کانی هەڵەبجەی | نوسەر و شاعیر | هۆڵندا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 11 | حاجی ئەنوەر | نوسەر | سویسرا |
| 12 | مەحمود ئەحمەد عەبدورەحمان | هونەرمەند | سوئید |
| 13 | هەورامان عەلی توفیق | نوسەر و رۆژنامەنووس | ئەڵمانیا |
| 14 | فەلاح ئەحمەد ڕەشید | هونەرمەند | سوئید |
| 15 | هوشیار حەمەفەرەج | هونەرمەند | ئەڵمانیا |
| 16 | حەمەشوان حەمەشەریف | شاعیر | سوئید |
| 17 | دڵشاد عومەر کاکی | شاعیر و رۆژنامەنووس | ئەڵمانیا |
| 18 | جەمیل حاجی کەریم | نوسەر | ئەڵمانیا |
| 19 | ئەمیر هەڵەبجەی | شاعیر | ئەڵمانیا |
| 20 | ئاسۆ بیارەی | نوسەر | سوئید |
| 21 | خەسرەو حاجی مەحمود / هەرمێ / | هونەرمەندی شێوەکار | ئەڵمانیا |
| 22 | پەیوەند جاف | هونەرمەند | سوئید |
| 23 | دڵشاد هەڵەبجەی | هونەرمەند | سوئید |
| 24 | دێنێ دڵشاد | هونەرمەند | سوئید |
| 25 | مونیرە موحەمەد | هونەرمەند | سوئید |
| 26 | دەوەن دڵشاد | هونەرمەند | سوئید |
| 27 | دانا هەڵەبجەی | نوسەر و رۆژنامەنوس | هۆڵندا |
| 28 | حەمە دۆستان | رۆمانووس و نوسەر | سوئید |
| 29 | تارا جاف | هونەرمەند | بەریتانیا |
| 30 | گۆنا جاف | شاعیر | ئەڵمانیا |
| 31 | نزار جاف | نوسەر و رۆژنامەنووس | ئەڵمانیا |
| 32 | شادی عەبدوڵا | هونەرمەند / شانۆکار | دانیمارک |
| 33 | هەرێم جاف | رۆژنامەنووس | بەریتانیا |
| 34 | ئاری محەمەد ئەمین سەعید | هونەرمەند | ئەڵمانیا |
| 35 | سەرهەنگ محەمەد ئیسماعیل | هونەرمەند | سویسرا |
| 36 | پارێزەر ڕەفعەت هەڵەبجەی | نوسەر | سوئید |
| 37 | ڕێبوار حەمەفەرەج حەمەشەریف | هونەرمەند | دانیمارک |

وێنەیەک بۆ 1- بەڕێز پەرلەمانی کوردستان

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان

3- دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستاندا

4- مالپەڕەکانی سەر هێڵی ئنتەرنێت (**بە زمانەکانی ئینگلیزی، سویدی، دانیمارکی، ئەڵمانی، هۆڵەندی، نەرویجی**).